

محەممەد قەرەداخی
نۆروێژ

# باسی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی و چەند تێبینییەک!

ماوەیەکە لێرەو لەوێ لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان باس لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەکرێت! تائەم ساتانەی ئێستا لە سایتی حکومەتی بەریتانیاوە بڵاوکرایەوە، من دەستخۆشی لەهەر هەوڵێکی وادەکەم، جا ئەگەر هەوڵەکان لەئاستی تاک یان کۆمەڵ یان ڕێکخراو یان حیزبیدا بێت. بەڵام دەبێت شیکردنەوەیەکی واقیعیانە بۆ هەموو دەرفەتەکان بکەین، ڕەچاوی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و کۆمەڵایەتی و ئابووری و خۆشمان بخەینە بەرچاو کەواتە لە ساتە وەختێکی وەک ئێستادا کە ڕەوشی سیاسی بە شێوەیەکی بەرچاو ناجێگیرە، دەرفەتەکان بۆ بانگهێشتی سەربەخۆیی گەورەترین گورزی کوشندەیە بۆ سەر داخوازییەکانی نەتەوەکەمان، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێکی دراسەنەکراو و لەبەرچاو نەگیراو، بە کورتی لەم چەند خاڵەدا دەستنیشانیان دەکەم.

**١/ باری کۆمەڵایەتی کوردستان**

**٢/ باری ئابووری هەرێمی کوردستانی باشور**

**٣/ باری سیاسی هەرێمی کوردستانی باشور**

بە گشتی هەریەک لەم بوارانە بارگرژیی پێوە دیاربێت هەموو بوارەکان و دەرفەتەکانی تر ئاڵۆز و داڕوخاو دەکات. بە پێی هەموو هەڵسانگندنەکان و شیکارییەکان ئەوەی تێبینی دەکرێت سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان، سیتەمێکی ناتەبا و ناتەندروستە، جێگیرنییە، بێ متمانەییەک لە لای خەڵکی کوردستان دروستبووە، بە هۆکاری ئەو شەبەقەی کەوتۆتە نێوان خەڵک و حکومەت و هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە، ئەم بۆچوونەش خۆپیشاندانەکانی کوردستان کە

٦٢ ڕۆژی خایاند و چەندین کەسی تیا کوژراو چەندین کەسی تیا بریاندار بوو پشتڕاستدەکاتەوە، ئەو هەموو گلەیی وگازندەو ڕەخنانەی کە لەسەر بوونی گەندەڵی و نادادپەروەری و نایەکسانی و تێکەولێکەی حیزب و حوکومەت ئەو بێ متامانەییە زیاد دەکەن و ڕەوشی سیاسی ناجێگیکر دەکات. شتێکی ئاشکراشە کە گەورەترین هێز بۆ پشتیوانی لە هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی یان دەوڵەتی کوردستان هێزی خەڵکە، ئەگەر هێزی خەڵکی کوردستان لەبار نەبێت و لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ناجێگیر بێت ئەو پشتیوانییە بۆ کارێکی وا هەستیار زەحمەتە.

ئەوەی تێبنی دەکرێت، سیستەمێکی دامەزراوە کە کۆمەڵگا ئاراستە بکات بەرەو مەدەنیەت و بەرەو بەهێز بوون بۆ پێداگرتن لەسەر مافی چارەنسوسی گەلەکەمان، بوونی نییە، دەسەڵات بوو بە دەسەڵاتی حیزبیی ڕووت و بنەماڵە، نەک دەسەڵاتی دامەزراوە و دابەشکردن لەیەک جیاکردنەوەی دامەزراوەکان و تێکەڵ نەکردنیان و سەربخۆیی هەریەکێک لە دەسەڵاتەکانی یاسایی و جێبەجێکردن و دادوەریی. کێشەکانی بێ هێزی و نەبوونی ئیرادەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و باری سایکۆلۆژی و بارودۆخی ئابووری زۆر لەوە زیاترە کە لە بابەتێکی وا کورت و سەرپێیانەدا باسی لێوە بکرێت.

بە کورتی ئەوەی کە من دەمەوێت بیڵیم لێرەدا، ئەوەیە کە کەرەستەکانی بەدیهێنانی خەونی دێرینی گەلی کورد کە خۆی لە مافی چارەنوسدا دەبینێتەوە وەک مافێکی یاسایی کە لە جارنامەی جیهانیدا تۆمار کراوە بۆ هەر نەتەوەیەک، کە بخوازێت خۆی چارەنوسی سیاسی خۆی دیارییکات، کە بەرزترین ئاستی ئەو مافەش دروستکردنی دەوڵەتە بۆ هەرچ نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی جیهان کە گەلی کورد ئەمرۆ لە جیهاندا گەورەترین گەلە کە نەیتوانییوە ئەو مافە بەدەست بهێنێت، بە حوکمی سیاسەتە سەقەت و خراپەکانی کۆمەڵەی نەتەوەیی بەرژەوەندی خوازیی جارانی دەوڵەتە گەورەاکانی کۆلۆنیالیزم لە کاتی خۆیدا و لەم دواییانەشدا هۆکارێکی بەهێز بۆ بەدەستنەهێنانی ئەو مافە گەلی کورد و هێزە سیاسییەکانییەتی، بە هەڵە ستراتیژییەکانیان و بەرژەوەندخوازیی حیزبایەتییان. ئەم پرسە پرسێکی هەستیارە و زەوینە خۆشکردنێکی باشی پێویستە لە هەموو ڕووییەکەوە، ناکرێت بە سۆزەوە ئەم هەوڵانە لەبارببرێت و بە خۆڕایی بورژێنرێت

و جامبازی سیاسی پێوە بکرێت، بازرگارنێتی سیاسییانە بەم پرسە گرنگەوە تاوانە خۆی لە خۆیدا، لەگەڵ هەموو ڕێزێکم بۆ هەموو هەوڵەکان.

زانستی ئابووری دەمێکە ئەوەی فێرکردوین، کە هەرچ کەس و گروپ و حیزب و گەل و نەتەوەیەک داهاتی خۆ بەخێوکردن و بەڕێوەبردنی ژیانی لە دەستی خۆیدا نەبوو، زۆر زەحمەتە بتوانێت ئازادی بەدەستبهێنێت. بە داخەوە کوردستانی باشور لەگەڵ ئەوەی کە بە پێی دەستورێکی نوسراوە و دەنگبۆدراو مافی بەشێک لە بودجەی عێراقی هەیە، تا هەنووکە ئەو بودجەیە یەکلایی نەکراوەتەوە و لە ژێر هەڕەشەدایە، هەمیشە وەرقەیەکە بەدەست حوکومەتی عێراقییەوە بۆ هەرشەکردن لە کوردستان، لە لایەکی تریشەوە هێزە سیاسیەکانی کوردستان کە پێگەی گەوریان لە پەرلەمانی عێراقدا هەیە، هەمیشە ئەم شەڕەیان کردوە بە منەت بەسەر گەلی کوردەوە و وایپێشان دەدەن کە ئەگەر ئەوان نەبن دەرگای رزقی گەلی کورد دادەخرێت و ئەوە هەر تەنیا ئەوانن کە دەتوانن بە شەر ئەو نانە پەیدا بکەن بۆ گەلی کورد. لە لایەکی تریشەوە بە مەبەسێکی سیاساییانەی هێزە کوردستانییەکان خۆیان و حکومەتی عێراقی و تورکیا و ئێران و سوریا بنەما ئابورییەکانی کوردساتان وێرانکراوە و هیچ داهاتێکی ئەوتۆی نییە کە پشتی پێ ببەسترێت لە حاڵەتی جێبەجێکردنی ئەو هەڕەشانەی حکومەتی عێراقییدا ، یان لە کاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردیدا کە گەورەترین چەک بەدەست تورکیا و ئێران و سوریا و عیراقەوە داخستنی سنورەکانە، لەسەر گەلی کوردی باشور. بۆیە من بۆچوونم وایە ئەم مەسەلانە بە دراسەیەکی ورد کراوە، بۆ ئەوەی گەلی کورد لە باشوردا وەک خەڵکێک لە ئۆردوگادا بژی بەو جۆرە نانی پێدەدرێت، هەرچ کاتێک داواکارییەکانی خەڵک بگاتە داوای ئازادی مافی چارەنوس دەرگای ئۆردوگاکە بە ئاسانی دادەخەن.

لەسەر ئەم هەڵسانگاندنە پێویستە زۆر بە وردی کار بکەین بۆ زەوینە خۆشکردنی ئەو داوا ڕەوایە، دەبێت حکومەت و دەسەڵاتێک پێکبهێنرێت لە کوردستاندا کە لە ئاستی ئەو پرسەدابێت، کە کوڕی ئەو شەڕە بێت و خەڵکی ئامادەکردبێت بۆ لە خۆبوردن و دەنگی خەڵک و دەنگی دەسەڵاتە سیاسییەکەی یەک دەنگ بێت، نەک هەر یەکە و لە دۆڵێکدا بێت.

لە لایەکی تر زۆر پێویستە بەهاری عارەبی لە بەرچاوبگرین، چاوەڕوانی ئەوە ببین کە زیاتر بۆمان ڕوونبێتەوە ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانە بەروکوێ دەڕۆن، بە تایبەتی شۆڕش و ڕاپەڕینەکەی سوریا کە یەکێکە لە دەوڵەتە بەهێزەکانی ناحەزی کورد و بە درێژایی ئەم دەسەلاتە فاشییەی بەعس هاو شێوەی دەسەڵاتەکەی جارانی سەدام دژیایەتی گەلی کوردی کردوە و گەلی کوردی چەوسانۆتەوە و هەوڵی جینۆساید گەلەکەمانی داوە، دەبێت گەلی کورد لە سوریادا سود لە هەڵەکانی گەلی کوردی باشور وەربگرێت و خۆیان نەکەن بە قوربانی دروستبوونەوەی سوریای بەعسیەکان لە کاتی ڕوخانی ئەم سیستەمە فاشییەدا کە دڵنیام بەم نزیکانە ئەم سسیستەمە دەڕوخێت و دەبێت بە داخ بۆ هەموو ئەوانەی پشتیوانی لێدەکەن و نامەی پشتیوانی بۆ بەشار ئەسەد دەنێرن.